# پێویستە هەرەشەو پلانەکانی تورکیا وەڵامی دان شکین وەربگرنەوە

**سامان سعید**

ماوەیەکە حکومەتی تورکیا لەسەر زاری سەرۆک وەزیرانی و سەرکردە سەربازیەکانی یەوە هەرەشە لە جەماوەری کوردستان دەکەن،و خەریکی پلان دانان و کۆکردنەوەی هێزی سەربازین لە ناوچە سنوریەکان بە بیانووی pkkوە هەروەها خەریکی رێکخستنی گۆنگرەو کونفرانس و کۆکردنەوەی ئەو هیزو لایەنانەن کە هەمیشە لەدژی خواستە بەرحەقەکانی خەلکی کوردستان درێغیان نەکردووە و لایەنێک بوون لە سەکوتکەران و هاوکارانیان. ئەم هەولانەی تورکیا وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن بە دژی جێ بەجێ کردنی مادەی 140 و گەرانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستانە بۆ سەر کوردستان و گوایە ئەگەر ئەو ناوچانە بگەرێنەوە سەر کوردستان کوردەکان دەست بەسەر نەوتی کەرکوک دا دەگرن و تورکمانەکان دەچەوسیننەوە، بەلام لە راستیدا نیگەرانی تورکیا تەنها بۆ مەسەلەی کەرکوک و نەوتەکەی و پشتیوانی کردنی تورکمانەکان ناگەرێتەوە وەک و خۆیان رایدەگەیەنن، بەلکو ئەوانە بەشیکن لە هەمان رەفتار وسیاسەتێک کە بەدرێژایی زیاد لەسەد ساڵی تەمەنی دەولەتی تورکی بەدژی جەماوەری کوردستان بەرێوەیان بردووە. ئامانجیش لێ ی رێگاگرتنە لە خواستی رەوای جەماوەری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و رزگاربوون لە دەست زولمی قەومی.

تورکیا دەبینێت یەکیتی زۆرەملێی خاکی عێراق رۆژبەرۆژ لەبەین دەچیت و هەلدەوەشیتەوەو عێراق پێشوازی لە رۆژەکانی پارچەپارچە بوونی خۆی دەکات. ئەو دەسکەوتانەشی کە لەم سالانەی دوای دا بۆ خەلکی کوردستان بەدەست هاتوون، کە ئەگەر کەرکوک و شارو ناوچە کوردستانیەکانی تریش بگەرێنەوە سەر کورستان ئەوە تواناى جەماوەری کوردستان زیاتردەکات بۆ جیابوونەوەی و پێکهینانی دەولەتی سەربەخۆ ، ئیتر وەک دەولەتیکی داگیرکەر نیگەرانیە نا بەجێ کانی زیادی کردووەو کەوتۆتە پلان دانان.

بەبروای من ئەگەرچی دەستی حکومەتی تورکیا لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا کورتەو جێگاوڕێگای لە ناو هاوکێشەکان لە سەر ئاستی جیهان وناوچەکە رۆژبەرۆژ لە دابەزیندایەو بەهرەمەند نیە لە تواناییەک کە پێشتر هەیبووە ، لەناوخۆی تورکیاشدا دەرگیری هەل ومەرجێکی ئابوری لەرادەبەدەر ئەزمەگرتوودایە و لە باری سیاسیشەوە هێزی نارازی دژ بە کارو سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیاو دژ وەستانەوەی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد روولە زیاد بوونە .

بەلام سەرەرای ئەو دەست کورتی یەی حکومەتی تورکیا پێویستە جەماوەری کوردستان وەلامی دانشکێن بەم هەرەشانەو پلانە گلاوەکانی حکومەتی تورکیا بدەنەوە و جەماوەری کوردستان بۆ رووبەرووبوونەوە و وەلامدانەوە ئامادەباش بکرێن بە جۆرێک لە ناوخۆ بەر لە هەر شتیک ئامادەیی سەربازی بکریت کە لە حالەتی هێرشی سەربازی دا قاچی هەر سەربازێک بشکێنرێت کەبیەویت پێ بخاتە ئەمبەرەوە، ئیمرۆ ئەمە ئەرکی هیزی چەکداری کوردستانە نەک چوونە ناو شەری تائیفی عێراق، لە دەرەوەش خۆپیشاندان و مانۆر لێدان لە بەردەم سەفارەتەکانی تورکیا و نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپابکریت ، هەروەها هەول بدرێت تەواوی هێزە ئازادیخوازەکانی دنیا لەم هەولانەی حکومەتی تورکیا ئاگادار بکرێتەوە و پشتیوانیان بۆ خواستە رەواکانی جەماوەری کوردستان بەدست بهێنرێت .

2007-1-16